# ڕێبەری پێنجەم – وانەی یازدەهەم

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) دوەم نامەی کۆرنسۆس |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (٢کۆرنسۆس ٤- ٦).
گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات .
تێبینەکانتان بنوسنەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) یۆحەنا ٤: ٢٤ |

دوو بەدوو **پێداچوونەوە بکەن** : یۆحەنا ٤: ٢٤.

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆژی خوداوەند: ڕۆژی پشوو ، هاوبەشیکردن ، خزمەتکردن |

**پێشەکی** : ڕۆژی خوداوەند ئەو ڕۆژەیە کە باوەڕداران تیایدا پشوو دەدەن و پێکەوە کۆدەبنەوە و ژیانی هاوبەش و پەرستن و خزمەت ئەنجام دەدەن.

لە کتێبی پیرۆزەوە فێر دەبین دەربارەی شەبەت ( ئەوەی کە ڕۆژی حەوتەمی هەفتەیەو پارێزگاری لێ دەکرا لە پەیمانی کۆن). وە فێرمان دەکات هەروەها دەربارەی ڕۆژی خوداوەند ( ئەوەی کە پەیمانی نوێ ئاماژەی بۆ دەکات بە ڕۆژی یەکەمی هەفتە). وە پرسیاری پێشنیارکراو ئەوەیە : بۆچی باوەڕدارانی هەموو جیهان لە ڕۆژی خوداوەندا کۆدەبنەوە بۆ پەرستن ؟ وە دەبێت چی بکەن باوەڕداران لە ڕۆژی خوداوەندا ؟

ڕۆژانی هەفتە بە شێوەی جیاواز دابەش دەکرێ لە جیهاندا بەپێی هەر وڵاتێك و کلتورەکەی . لە سەردەمی پەیمانی کۆندا ، ڕۆژی پشوو یان (شەبەت) لە دوایین ڕۆژی کۆتایی هەفتە پارێزگاری لێ دەکرا ( واتە ڕۆژی حەوتەمی هەفتە ئەوەی کە ڕۆژی شەبەتە) بەڵام باوەڕداران لە پەیمانی نوێدا لە ڕۆژی خوداوەندا ئاهەنگ دەگێڕن لە ڕۆژی یەکەمی هەفتەدا(واتە ڕۆژی یەك شەممە). وە زۆرێك لە باوەڕداران بە ڕێچکەی قوتابیەکاندا دەڕۆن و لە ڕۆژی خوداوەند ئاهەنگ دەگێڕن واتە ڕۆژی یەك شەممە . بەڵام باوەڕدارانی دیکە هەن لە جیهاندا بۆیادی ڕۆژی خوداوەند لە ڕۆژانی پشوویاندا واتە ڕێکەوتی سێ شەممە یان هەینی یان شەممە ئەم یادە دەکەنەوە . بەڵام ئەمانە هیچی گرنگ نین . گرنگ ئەوەیە ئامانج هەبێت لە ڕۆژی خوداوەند ، نەك خودی ڕۆژەکە .

## (أ) شەریعەت لە پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێدا

### <u>١- شەریعەت لە پەیمانی کۆندا .</u>

دەکرێ شەریعەتی پەیمانی کۆن دابەش بێت بۆ سێ بەشی سەرەکی :

**(أ) شەریعەتی ئاکارو ڕەوشت.**

شەریعەتی ئاکاروڕەوشت (دەرچوون ٢٠: ١- ١٧؛ وتەکان ٥: ٦- ٢١) ئەو شێوازەیە کە خودا دەیەوێت بۆ گەلەکەی پێی بژین .

**(ب) شەریعەتی پەرستش یاخود ڕاسپاردەی ئەرکەکان.**

شەریعەتی پەرستش (دواتر بڕوانە) ئەو شێوازەیە کە خودا ئامادەی کردوە لە ڕێگەیەوە گەل بە پەرستن لێی نزیك ببنەوە .

**(ج) شەریعەتی مەدەنی .**

شەریعەتی مەدەنی بۆ گەلی ئیسرائیل ئەو شێوازەبوو خودا لە گەلەکەی (ئیسرائیل)ی دەویست ، کە وەك نەتەوە بەو پێیە بژین لە پەیمانی کۆندا. وە شەریعەتی مەدەنی پێکهاتبوو لە ئەو یاسایانەی پەیوەست بوون بە موڵکایەتی و قەرزکردن و قەرزدان و هاوسەرگیری و دادگاییکردنەکان و خزمەتکاری و جەنگ و کوشتن و تاد. ( لە دەرچوون ٢١: ١ تاکو ٢٣: ٩؛ وە لە وتەکان ١٦: ١٨ تاکو ٢٦: ١٩).

**٢- <u>شەریعەتی پەرستش یاخود ڕاسپاردەی ئەرکەکان لە پەیمانی کۆندا</u> .**

شەریعەتی پەرستش لە پەیمانی کۆندا ئەو ڕاسپاردەو ڕێسایانەی لەخۆ گرتبوو کە پەیوەست بوون بە چوار لایەنی پەرستن : کەسە پیرۆزەکان ، شوێنە پیرۆزەکان ، کاتە پیرۆزەکان ، کارە پیرۆزەکان :

**(أ) کەسە پیرۆزەکان** : ئەوانە بوون کە پێکهاتبوون لە کاهینەکان و لێڤیەکان ( دەرچوون ٢٨- ٢٩، ٣٩ ؛ لێڤیەکان ٨- ١٠ ، ٢١- ٢٢؛ ژمارە ٨).

**(ب) شوێنە پیرۆزەکان** : ئەویش پێکهاتبوو لە نشینگەی کۆبونەوە لەسەرەتادا ، دواتر لە پەرستگا لە ئۆرشالیم ( دەرچوون ٢٠: ٢٤- ٢٦ ؛ دەرچوون ٢٥- ٢٧ ، ٣٠ ، ٣٥- ٣٨ ؛ لێڤیەکان ٢٤: ١- ٩ ؛ وتەکان ١٢).

**(ج) کاتە پیرۆزەکان** : ئەویش پێکهاتبوو لە ڕۆژی کەفارەت (لێڤیەکان ١٦، ٢٣: ٢٧؛ ژمارە ٢٨- ٢٩؛ ئیشایا ٥٨: ١- ١٢ ، هەروەها بڕوانە زەکەریا ٨: ١٩ ، لۆقا ١٨: ١٢) وە ڕۆژووگرتنی دیاریکراو ( دەرچوون ٢٣: ١٤- ١٩ ؛ لێڤیەکان ٢٣: ١- ٤٤ ؛ وتەکان ١٦: ١- ١٧)، وە ڕۆژی شەبەت ، وە ساڵی شەبەتی ، وە ساڵی یۆبیل ( دەرچوون ٢٣: ١٠- ١٣ ؛ ٣١: ١٢- ١٧ ؛ لێڤیەکان ٢٥: ١- ٢٨).

**(د) کاره پیرۆزەکان** : ئەویش پێکهاتبوو لە خەتەنەکردن ( پەیدابوون ١٧)، وە پەرستشت پاککبوونەوە ( لێڤیەکان ١٢- ١٥ ؛ ژمارە ١٩)، وە خواردنی خۆراکی خاوێن (لێڤیەکان ١١، ١٥ ؛ وتەکان ١٤: ٣- ٢١)، وە پێشکەشکردنی قوربانی ( لێڤیەکان ١- ٧، ٢٢ ؛ ژمارە ٢٨: ١- ١٥)، وە تەرخانکردنی نۆبەرەکان ( دەرچوون ١٣: ١- ١٦ ؛ ژمارە ١٨: ١٤ -٢٠ ؛ وتەکان ١٥: ١٩- ٢٣ ؛ بەراوردی بکە بە دادوەران ١٣: ٧ ؛ ١ ساموئیل ١: ٢٨)، وە بەخشین یان پێشکەشکردنی سێ جۆر دەیەکی جیاواز (لێڤیەکان ٢٧: ٣٠- ٣٣ ؛ ژمارە ١٨: ٢٠- ٣٢ ؛ وتەکان ١٢: ١٧- ١٩ ؛ ١٤: ٢٢- ٢٩ ؛ بەراوردی بکە بە ١٦: ١٦- ١٧).

**<u>٣- شەریعەت لە پەیمانی نوێدا .</u>**

**(أ) شەریعەتی ئاکاروڕەوشت** : لە بەشی پێنجی ئینجیلی مەتا شرۆڤەی بۆکراوەو لە مەتا ٢٢: ٣٦- ٤٠ وە مەرقۆس ١٢: ٣٠- ٣١ وە ڕۆما ١٣: ٨- ١٠ دووبارە کراوەتەوە . وە لە ئینجیلی یۆحەنا ١٣: ٣٤- ٣٥ پێوەرەکانی بۆ دانراوە . بەمەش شەریعەتی ئاکاروڕەوشت جەختی لەسەرکرایەوە لە پەیمانی نوێدا و لەسەر هەمان ئەو شێوازەی کە خودا دەیەوێ لە باوەڕداران بەو پێیە بژین .

**(ب) شەریعەتی پەرستش یاخود ڕاسپاردەی ئەرکەکان** : عیسای مەسیح ئەم شەریعەتەی تەواو کرد (مەتا ٥: ١٧) وە ئەوانەی سڕییەوە (کۆلۆسی ٢: ١٤) وە ئەوانەی پوچەڵ کردەوە ( ئەفەسۆس ٢: ١٤- ١٥).

(ج) شەریعەتی مەدەنی ئەوەی بە گەلی ئیسرائیل درا ، وەك (نەتەوە) : فێرکردنەکانی عیسای مسیح جێی ئەم شەریعەتەی گرتەوە لەبارەی شانشینیەوە (مەتا ٥ ، ٦ ، ٧ ، ١٣ ، ١٨وە هەموو نمونەکانی عیسای مەسیح لەبارەی شانشینیەوە). ئەم شێوازەیە کە خودا دەیەوێ بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان کە بیگرنەبەر وەك هاوڵاتی شانشینیەکەی .

**<u>٤- فێرکردنەکانی پەیمانی نوێ لەبارەی چەند بەشێکی جیاوازی شەریعەتی پەرستش لە پەیمانی کۆندا .</u>**

کۆلۆسی ۲: ۱۷ ؛ عیبرانیەکان ۸: ۵، ۱۳ ؛ ۱۰: ۱ **بخوێنەوە** . ئەو ڕێسایانەی پەیوەست بوون بە شەریعەتی پەرستش تەنها سێبەرێك بوون بۆ ڕاستیەکان کە لەداهاتوودا دێن . لە نامەی ڕۆما و گەڵاتیەو عیبرانیەکان فێرکردنێکی ڕوون دەبینین کە چۆن عیسای مەسیح شەریعەتی پەرستشی پەیمانی کۆنی تەواو کرد و شتە ڕاستەکانی پێشکەش کرد .

عیبرانیەکان ۷: ۲۳- ۲۸ **بخوێنەوە** . سەبارەت بە باوەڕاداران عیسای مەسیح تەنها کاهینی تەواو و زیندووی تاهەتاییانە .

ئەفەسۆس ۲: ۲۱- ۲۲ ؛ ۱پەترۆس ۲: ٤- ۱۱ **بخوێنەوە**. سەبارەت بە باوەڕداران تەنها پەرستگایان جەستەی باوەڕدارانە لە هەموو جیهان ( ئەوەی پێی دەوترێ: کڵێسا).

عیبرانیەکان ٤: ۱- ۱۱ **بخوێنەوە** . سەبارەت بە باوەڕداران ڕۆژی پشوو یەکێکە لە ڕۆژانی هەفتە ئەوەی بە ڕۆژێکی"پیرۆز" دادەنرێ و تیایدا لە کارەکانیان پشوو دەدەن ( دەرچوون ۲۳: ۱۲) ، وە بۆ کۆبوونەوەی باوەڕداران پێکەوە (لێڤیەکان ۲۳: ۳)، وە بۆ کاری چاکەو مزگێنیدانی ڕزگاری بە گیانە لەناوچوەکان (مەرقۆس ۳: ٤) . بەڵام شەبەتیان (ڕۆژی پشوو) ی کۆتاییان ئەو ساتەیە دەچنە پشووی هەتاهەتاییەوە .

مەرقۆس ۲: ۱۸- ۲۲؛ یۆحەنا ۱٦: ۱۹- ۲۲ **بخوێنەوە**. سەبارەت بە باوەڕداران ئەو ڕۆژووگرتنەی خەمباری و دڵتەنگی لەخۆگرتبوو گۆڕا بۆ ئاهەنگ و خۆشی ئەوەی هەرگیز کۆتایی نایەت چونکە هەموو ئەوانەی پێویست بوون بۆ ڕزگاریمان عیسا تەواوی کرد ، وە ئەو هەمیشە لەگەڵمانە ( مەتا ۲۸: ۲۰).

۱ کۆرنسۆس ٥: ٦- ۱۳ ؛ ۱۱: ۱۸- ۳۲ **بخوێنەوە** . سەبارەت بە باوەڕداران تەنها "پەسخە" یان وئاهەنگەکانی دیکەیان لەبارەی نانلەتکردنەوە ، یادکردنەوەی قوربانیە کەفارەتمەندانەکەی مەسیحی پیرۆزە .

ڕۆما ٢: ٢٨- ٢٩ ، کۆلۆسی ٢: ١١ **بخوێنەوە** . سەبارەت بە باوەڕداران تەنها خەتەنەکردنیان ، ئەوەی دەیزانن خەتەنەکردنی دڵی گوناهباریانە .

مەرقۆس ١: ٨ ؛ یۆحەنا ٣: ٢٢- ٢٥ ؛ کردار ١٠: ٤٧- ٤٨ ؛ ٢٢: ١٦ **بخوێنەوە** . سەبارەت بە باوەڕداران تەنها پەرستشی پاککبوونەوەیان ، ئەوەی دەیزانن لەئاو هەڵکێشانە ئەوەی ئاماژەیە بۆ باپتیزکردن بە ڕۆحی پیرۆز و بەشداریکردنە لەکارە ڕزگاریە تەواوەتیەکەی مەسیح (وەکو لێخۆشبوونی تەواوەتی گوناهە).

مەرقۆس ٧: ١٩ **بخوێنەوە** . سەبارەت بە باوەڕداران هەموو جۆرە خواردنێك خاوینەو خواردنیان ڕێگەپێدراوە .

ڕۆما ٣: ٢٥؛ عیبرانیەکان ٢: ١٧؛ ٩: ٢٨؛ ١یۆحەنا ٤: ١٠ **بخوێنەوە** . سەبارەت بە باوەڕداران تەنها قوربانیان بۆ کەفارەتی گوناهەکانیان مردنی عیسای مەسیحە ەسەر خاچ.

مەتا ٦: ٣٣؛ لۆقا ٩: ٢٣ **بخوێنەوە** . سەبارەت بە باوەڕداران نەك تەنها پیرۆز کردن و تەرخانکردنی نۆبەرەکان بۆ خودا بەڵکو هەروەها هەموو کەسەکانیش .

لۆقا ٦: ٣٨ ؛ ٢ کۆرنسۆس ٩: ٦- ١٥ **بخوێنەوە** . سەبارەت بە باوەڕداران هەموو جۆرە جیاوازەکانی دەیەك لە پەیمانی کۆندا ، ئەوەی هاوکاری و یارمەتیدەر بوو بۆ پەرستگاو پەرستن ، هەروەها باجی کۆمەڵایەتی ، گۆڕا بۆ بەخشین بە دڵفراوانیەوە ئەوەی هەموو باوەڕدارێك دەیبەخشێ بەوپەڕی ئازادانەو دڵخوازانەو بەپێی ئەوەی لەسەر دڵیەتی . ئەم بەخشین و دەیەکانە بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی کڵێسایە کاتێ هەڵدەستێ بەچالاکی سەرەکی خۆی کە بڵاوکردنەوەی شانشینی خودایە.

**پوختە** : کتێبی پیرۆز بەڕوونی فێرمان دەکات کە عیسای مەسیح شەریعەت (تەورات)ی پوچەڵ نەکردەوە ، بەڵکو تەواوی کرد (مەتا ٥: ١٧) . هەروەك کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە عیسای مەسیح جەختی کردەوە لەسەر شەریعەتی ئاکاروڕەوشت (مەتا ٢٢: ٣٦- ٤٠)، بەڵام

شەریعەتی پەرستشی ڕەتکردەوە بەهەموو داواکاریەکانیەوە (کۆلۆسی ٢: ١٤) وە باوەڕداران (کڵێسا) ی ئازاد کرد لە کۆت وبەندەکانی . بەهەمان شێوە کتێبی پیرۆز بە ڕوونی فێرمان دەکات کە شەریعەتی پەرستش یاخود ڕاسپاردەی ئەرکەکان پوچەڵکرایەوەو چیدی ناتوانێ بگەڕێتەوە نێو کڵێسا تاکو جارێکی دیکە نەبێتە هۆی ناکۆکی و جیابوونەوە لە نێوان باوەڕداران (ئەفەسۆس ٢: ١٤- ١٥)!

## (ب) شەبەت لە پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ

### __١- پاراستنی شەبەت بەشێك بوو لە ڕاسپاردەکانی یاخود (شەریعەتی) پەیمانی کۆن.__

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : مەبەستی خودا چی بوو لە ڕۆژی شەبەت ؟

**(أ)** دەرچوون ٢٠: ٨- ١١ ؛ وتەکان ٥: ١٢- ١٤ **بخوێنەوە** .

خودا دە ڕاسپاردەکەی بە گەلەکەیدا تاکو کاری پێبکەن . وە ڕاسپاردەی چوارەم لە دە ڕاسپاردەکە تایبەت بوو بە پاراستنی شەبەت و پیرۆزڕاگرتنی . چونکە لە پەیمانی کۆندا ڕۆژی حەوتەم لە هەفتەدا بە ڕۆژی شەممە (شەبەت) دیاریکرابوو تاکو ڕۆژێکی تایبەت بێت و پیرۆز ڕاگیرێ . وە وشەی پیرۆزڕاگرتن واتە جیاکردنەوەی ئەو ڕۆژە لە ڕۆژەکانی دیکەی هەفتە لەپێناوی تەرخانکردنی بۆ ئەو مەبەستانەی خودا دیاری کردوە .

**(ب)** پەیدابوون ٢: ٢- ٣ ؛ دەرچوون ٢٣: ١٢ **بخوێنەوە** .

مەبەستی یەکەمی خودا بۆ تایبەتکردنی ڕۆژی شەبەت ئەوە بوو جیا بکرێتەوە لە ڕۆژەکانی هەفتە لەپێناوی حەسانەوەی مرۆڤ و نوێبوونەوەی وزەوتواناکانی.

**(ج)** لێڤیەکان ٢٣: ٣ **بخوێنەوە** .

بەڵام مەبەستی دوەمی خودا تایبەت بە ڕۆژی شەبەت ئەوە بوو جیابکرێتەوە لە ڕۆژەکانی هەفتە لەپێناوی بەیەکگەیشتنی باوەڕدارن لە کۆبوونەوەیەکی پیرۆزدا .

ئیدی بەم شێوەیە ، ڕاسپاردەی چوارەم لە دە ڕاسپاردەکە ئەو دانابیەمان فێر دەکات لە جیاکردنەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی هەفتە لە پێناوی پشوو و حەسانەوەو نوێبوونەوەی وزەو پەرستن .

## <u>٢- ڕابەرە ئاینیەکانی جولەکەو مامۆستاکانی جولەکە ڕۆحی شەریعەت (تەوراتیان) گۆڕی لە پەیمانی کۆندا .</u>

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چۆن ڕابەرە ئاینیەکانی جولەکو مامۆستایانی جولەکە هەڵسان بە گۆڕینی شەریعەت لە پەیمانی کۆندا ؟

**(أ) سەرانی ئاینی جولەکە ڕاسپاردەی چوارەمیان گۆڕی .**

**تێبینیەکان** : لە سەردەمی ئیشایای پێغەمبەر ( ٧٤٠- ٦٨٠ پ.ز) ڕابەرانی ئایینی هەڵسان بە دانانی یاساگەلێکی زۆری مرۆڤانە تەیبەت بە پەرستن . لەماوەی چوارسەد ساڵی نێوان نوسینەوەی دوایین سیپارەکانی پەیمانی کۆن و یەکەم سیپارەکانی پەیمانی نوێ ڕابەرە ئاینیەکانی جولەکە یاساگەلێکی زۆری نوێیان دانا ، ئەوان پێیان وابوو ڕاڤەی ڕاسپاردەکانی پەیمانی کۆن دەکات . وە ڕاسپاردەی چوارەمیان زیندەبەچاڵکرد لەژێر لیستێکی درێژی پێکهاتوو لە ٣٩ کاری یاساغ کە ناکرێ لە ڕۆژی شەبەت کەس پێی هەستێ . بۆ نمونە ، ئەوان خەڵکیان فێر دەکرد کە ڕۆژی شەبەت لەکاتی خۆرئاوابوونی ڕۆژی هەینی دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێت تاکو خۆرئاوابوونی ڕۆژی شەممە ، وە هەر کارێك لەو ماوەیەدا قەدەغەیە ، وە هەر گەشتێك لەو ماوەیەدا دیسان قەدەغەیە ، وە چێشت لێنان لەو ماوەیەدا هەروەها قەدەغەیە ، وە بە کوڵدان و هەڵگرتنی هەر شتێك دیسان قەدەغەیە، وە تاد. وەك چۆن قوتابیەکانی عیسایان تۆمەتبار کرد (هەرچەندە پێشینەیان جولەکە بوو هەروەها ) بە پێشێلکردنی ڕاسپاردەی چوارەم چونکە هەندێ گوڵە گەنمیان پڕواند و خواردیان لە ڕۆژی شەممەدا (شەبەت) . ئەوان بەپێی ڕاڤەو بوچوونیان پێیان وابوو

ئەو پڕواندنە لە شتە قەدەغەکراوەکانی ڕۆژی شەممەن. بەمەش فێرکرنەکانیان وای دەردەخست کە مرۆڤ لەپێناوی ڕۆژی شەبەت دا بەدیهێنراوە ؛ واتە خودا مرۆڤی دروست کرد بۆ ئەوەی پارێزگاری بکات لە ڕۆژی شەممە . بە زیادکردنی ئەو سی و نۆ شتە یاساغ و قەدەغانە ڕۆژی شەبەتیان گۆڕی و کردیانە بارگرانی بەسەر خەڵکی ئاساییەوە .

**(ب) ڕابەرەکانی ئاینی جولەکە بە تەواوەتی واتای شەریعەتی پەیمانی کۆنیان گۆڕی .**

گەڵاتیە ٣: ٢٥- ٢٧ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٧ ؛ عیبرانیەکان ١٠: ١؛ کردار ١٥: ١، ٥ ؛ ڕۆما ٩: ٣٠ – ٣٣ ؛ مەتا ٢٣: ٣- ٤ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەکان** : بێ ئەوەی ڕابەرە ئاینیەکانی جولەکە بیر بکەنەوە کە شەریعەتی پەیمانی کۆن ئاماژە بەو ڕزگارکارە دەکات کە دێت ( واتە بۆ عیسای مەسیح ) ، هەڵسان بە گۆڕینی شەریعەت و کردیان بە ئامرازێك بۆ ڕزگاریی ! ئەوان فێرکردنەکانیان بەو شێوەیە بوو کە مرۆڤ ڕزگاری دەبێت یان ڕاستودروست و بێتاوان دەبێت بە پاراستن و جێبەجێکردنی شەریعەت (تەورات) . مەبەستیان ئەوە بوو لەوەدا کە مرۆڤ نەك تەنها بە جێبەجێکردنی شەریعەت ڕزگاری دەبێ بەڵکو بە دیاریکراوی بە ڕاڤەکانی ئەوان بۆ شەریعەتەکە ، وە بە پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی سەدان یاسای دانراو کە ئەوان دایاننا ! ئینجا زیاتر جەختیان کردەوە لەسەر خەتەنەکردن و پاراستنی ڕۆژی شەممە وەك دوو هۆکاری گرنگ و پێویست بۆ رزگاریی . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دووڕوو بوون ئەوەی خەڵکیان پێ فێر دەکرد خۆیان پەیڕەویان نەدەکرد ، چونکە دەیانزانی شوێنکەوتەکانیان فێرکردنەکانیان جێبەجێ دەکەن ! ئیدی ڕابەران و مامۆستایانی جولەکە شەریعەتی پەیمانی کۆنیان گۆڕی بۆ کۆمەڵێ ڕاسپاردەی قورس کە هیچ مرۆڤێك نەیدەتوانی بچێتە ژێر باریەوە !

**(ج) ڕابەرانی ئاینی جولەکە ڕاسپاردەکانی خودایان گۆڕی بە نەریتی مرۆڤانە .**

مەرقۆس ٧: ١- ١٣ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەکان** : عیسا فەرموی کە ڕابەرانی جولەکە ڕاسپاردەکانی خودایان گۆڕی بە نەریتی وشکی مرۆڤانە ! شەریعەتی پەیمانی کۆنیان لە

ژێرباری ٣٦٥ یاساغی مرۆڤانەو ٢٤٨ ڕاسپاردەی مرۆڤانە زیندەبەچاڵ کردووە . چونکە مەبەستی خودا لە شەریعەتی پەیمانی کۆن ئامادەکردنی دڵی خەڵکی بوو بۆ هاتنی ڕزگارکار ، وە هەندێ هێماو سێبەری پێدان کە ئاماژەبوون بۆ کارە ڕزگاریەکەی . بۆ نمونە ، ئەو بەرخەی وەك قوربانی پێشکەش دەکرا لە پەیمانی کۆندا ئاماژە بوو بۆ بەرخی خودا ئەوەی خۆی پێشکەش دەکات وەك قوربانی کەفارەتی گوناهەکانی مرۆڤ ( ٢ کۆرنسۆس ٥: ٧) . بەڵام ڕابەرانی ئاینی جولەکە شەریعەتی پەیمانی کۆنیان کردبوو بە ئامرازێك بۆ رزگاریی . خەڵیان فێردەکرد کە گوێڕایەڵیان بۆ شەریعەت ڕاستودروست وبێتاوانیان دەکات لەبەردەم خودا! لەبەرئەوە هیچ پێویست بە ڕزگارکار ناکات لە گوناهەکانیان ڕزگاریان بکات ! هەروەها خەڵکیان فێردەکرد کە ئەو مەسیایەی دێت ڕزگاریان دەکات لە چەوسانەوەی سیاسی ئەوەی گەل بەدەستیەوە دەیناڵاند لەسەر دەستی گەلانی دیکە .

**<u>٣- شەبەت وەك ئەوەی عیسا ڕاڤەی کرد لە پەیمانی نوێدا .</u>**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە :** عیسا چۆن ڕوانیە شەبەت ؟

**(أ) شەبەت بۆ یارمەتیدانی مرۆڤ بەدیهێنراوە .**

مەرقۆس ٢: ١٨- ٢٧ ؛ مەتا ٥: ٤ ؛ ڕۆما ١٢: ١٥ ؛ ٢ کۆرنسۆس ١: ٣- ٧ .

**تێبینیەکان** : شەریعەتی پەرستش یاخود ڕاسپاردەی ئەرکەکان تەنها سێبەرێك بوو بۆ ئەو شتانەی کە لەداهاتوودا دێن . بەڵام خاوەنی هێماکە یان ئەوەی ئاماژەی بۆکرابوو (ئەو ڕاستیە بوو کە ئاماژەی بۆ کرابوو)ئەویش عیسای مەسیح بوو (کۆلۆسی ٢: ١٧؛ عیبرانیەکان ١٠: ١). وە ئاماژە کرا بۆ شەریعەتی ئەرکوڕاسپاردەکان (پەرستش) بە شەرابی کۆن ( ناوەڕۆکی کۆنی لەخۆگرتبێ) و پاراستنی لە مەشکە یاخود گۆزەی کۆندا. بەڵام کاری ڕزگاریی ئەوەی عیسای مەسیح تەواوی کرد ئاماژەی بۆ کرابوو بە شەرابی نوێ (ناوەڕۆکی نوێی لەخۆگرتبێ) .

بۆ نمونە ، عیسا جەختی کردەوە لەسەر ئەو کەسانەی لەگەڵیدا دەژین دەبێت ئاهەنگی خۆشی بگێڕن نەك بەڕۆژووبن ، وە دڵخۆش بن نەك دڵتەنگ . وە ئەم ئاهەنگ و خۆشی یە ئاهەنگی ڕۆحی یەو لەناوەوە دروست دەبێت لەڕێگەی کارە ڕزگاریە تەواوەتیەکەی عیسای مەسیح و

ئامادەبوونی . ئەمەش هیچ دژەوانە نیە لەگەڵ هاوسۆزی ئێمەی باوەڕداران لەگەڵ ئەوانەی دەناڵێنن و ئازاریان هەیە ! عیسا لە هاتنی یەکەمیدا سیستەمێکی نوێی دامەزراند . ناوەڕۆکی نوێی (ڕاستیەکانی) هێنا کە پێویستی بە شێوەی نوێ هەیە !

بەڵام شێوە دەرەکیەکان کە پێکهاتوون لە ڕۆژەکانی ڕۆژووگرتن و ڕۆژانی شەبەت سەر بە سیستەمە کۆنەکەن . عیسا فەرموی: "شەممە بۆ سودی مرۆڤ بەدیهێنراوە ، نەوەك مرۆڤ بۆ شەممە" چونکە شەبەت دوای بەدیهاتنی مرۆڤ بەدیهات . هەروەها شەبەت دانەنراوە بۆ ئەوەی ببێتە بارگرانی لەسەر شانی مرۆڤ ، بەڵکو بۆ ئەوەی ببێتە بەرەکەت بۆی. شەبەت نەخراوەتە لیستی یاساغە سی و نۆیەکەی وەك چۆن ڕابەرانی جولەکە بۆخۆیان دایاننا بەڵکو خودا بۆ خۆی داینا لە پێناوی حەسانەوەو پشووی مرۆڤ و ژیانەوەی و وەك دەرفەتێك بۆ چاوپێکەوتنی باوەڕدارانی دیکەو هەروەها بۆ ئەنجامدانی پەرستن پێکەوە .

**(ب) شەبەت بەدیهێنراوە بۆ خزمەتی خودا .**

مەرقۆس ٢: ٢٨- ٣: ٦ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەکان** : عیسا فەرموی : " کەواتە کوڕی مرۆڤ گەورەی ڕۆژی شەممەیە " ئەمەش واتە ڕابەرانی ئایینی جولەکە هیچ دەسەڵاتێکیان نیە بۆ دانانی ڕێساکانی تایبەت بە ڕۆژی شەممە ! چونکە عیسای مەسیح ئەو دەسەڵاتەی هەیە ! بۆ نمونە : کاتێ پێویستیەکی گرنگ هەبێت بۆ ڕزگاربوونی کەسێك وەك چۆن ڕوویدا لەگەڵ داود (١ سامۆئیل ٢١: ١- ٦ ؛ ٢٢: ١٤- ٢٠)، یان چاککردنەوەی کەسێك (وەك چاککردنەوەی ئەو پیاوەی دەستی وشك ببوولەلایەن عیساوە) ، دەکرێ چاوپۆشی بکرێ لە ڕێساو یاساکانی پەرستش یاخود ڕاسپاردەی ئەرکەکانی تایبەت بە ڕۆژی شەممە . لەبەرئەوەبوو کە عیسا فەرموی : " ئایا لە شەممەدا کاری چاکە دروستە یان کاری خراپە ؟ ژیان بەخشین یان کوشتن ؟ " (مەرقۆس ٣: ٤).

لەبەرئەوە ، مەبەستی دوەم لە ڕۆژی شەبەت خزمەتکردنی خودایە ، هەروەها کاری چاکەو ڕزگارکردنی گیانەکان ( وەك ڕزگارکردنی خەڵکی لە کۆیلایەتی گوناهە ، وە دابینکردنی خۆراك و جلوبەرگ بۆیان ، وە ڕاگەیاندنی هەواڵە خۆشەکە بۆیان ) (مەتا ١١: ٥). لە فێرکردنەکانی عیسای مەسیحەوە دەبینین لایەنی پەرستش و شێوازی داڕشتنی

ڕاسپاردەی چوارەم کە (کارنەکردنە لە ڕۆژی حەوتەمدا) چەند ڕێساو بنەمایەکی دانایانەو ڕۆحی و بونیادنەر بوونە جێگرەوەی (کاری چاکە و ڕزگاری گیانەکان لەهەر ڕۆژێکدا) . باوەڕداران ئەم بنەمایانەیان بەدیاریکراوی لە ڕۆژی یەکەمی هەفتەدا جێبەجێ دەکرد . ئەوان ناویان نابوو " ڕۆژی خوداوەند " چونکە عیسای خوداوەند (تەورات) شەریعەتی تەواو کرد ( مەتا ٥: ١٧) وە کارە ڕزگاریەکەی تەواو کرد ( هەستانەوەو ڕژانی ڕۆحی پیرۆز) لە ڕۆژی یەکەمی هەفتە !

## (ج) ڕۆژی خوداوەند لە پەیمانی نوێ

لەکاتێکدا کە ڕۆژی شەبەت لە پەیمانی کۆندا ڕۆژێك بوو یاد دەکرایەوە بۆ تەواوکردنی بەدیهێنان لەلایەن خوداوە ( پەیدابوون ٢: ١- ٣) ، ئەوا ڕۆژی خوداوەند لە پەیمانی نوێ ئەو ڕۆژەیە تیایدا ئاهەنگ دەگێڕدرێ بە دەستپێکی کاری ڕزگاریی خودا ( لۆقا ٢٤: ١- ٨ ؛ ڕۆما ٦: ٤- ٧)! وە ڕۆژی خوداوەند ڕۆژێکی زۆر گرنگە بەلای باوەڕدارانەوە چونکە هەموو ڕوداوە مێژووییەکانی تایبەت بە ڕزگاریە مەزنەکە ئەوەی عیسای مەسیح لەم ڕۆژەدا تەواوی کرد لە یەکەم ڕۆژی هەفتە ڕوویدا ! وە لە سەردەمی پەیمانی نوێدا ، یەکەم ڕۆژی هەفتە ڕۆژی یەك شەممە بوو .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : بۆچی ڕۆژی خوداوەند بە ڕۆژێکی زۆر گرنگ دادەنرێ لە پەیمانی نوێدا ؟

**<u>١- عیسای مەسیح لە یەکەم ڕۆژی هەفتە هەستایەوە .</u>**

(أ) مەتا ٢٨: ١ **بخوێنەوە** .

کتێبی پیرۆز بە ڕوونی دەفەرموێ کە " دوای شەممە لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا (واتە ڕۆژی یەك شەممە)" عیسای مەسیحی خوداوەند لەنێو مردوان هەستایەوە .

**(ب)** ١ کۆرنسۆس ١٥: ٥٤- ٥٧ ؛ عیبرانیەکان ٢: ١٤ ؛ فیلیپی ٢: ٨- ١١ **بخوێنەوە** .

هەستانەوەی عیسا بە جەستەیەوە لەنێو مردوان بەڵگە بوو لەسەر بەزاندنی گوناهەو مردن و شەیتان ! چونکە هەستانەوەی شایەتیەك بوو لە خودای باوکەوە بۆ جیهان لەسەر نیشاندانی ڕەزامەندی بۆ قوربانیە

کەفارەتمەندانەکەی عیسا لە پێناوی گوناهباران ، وە پێدانی باڵاترین و گرنگترین شوێن و پێگە لە گەردووندا بە مەسیح .

**(ج)** عیبرانیەکان ٨: ٦، ١٣ ؛ ١٠: ١ **بخوێنەوە** .

بە مردنی عیسای مەسیح ماوەی پەیمانی کۆن کۆتایی هات ؛ هاوکات هەستانەوەکەی سەرەتای دەستپێکی ماوەی پەیمانی نوێ بوو . وە ماوەی پەیمانی نوێ – ئەوەی ئێستا تیایدا دەژین – ئەو ماوەیە کە هێماو پێشبینیەکان لەبارەی عیسای مەسیحەوە تیایدا هاتە دی . ئەو ماوەیە کە مێژووی رزگاریی پەیمانی کۆنی کۆتایی پێهێنا ! هەروەك شەبەتی پوچەڵ کردەوە کە بەشێك بوو لە شەریعەتی پەرستش لە پەیمانی کۆندا .

مردنی عیسای مەسیح و هەستانەوەی کاری کرد لەسەر پوچەڵ کردنەوەی وە تەواوکردنی سێبەرەکانی پەیمانی کۆن و هێماکان و پێشبینیەکان . هەروەك مردنی و هەستانەوەی کۆتا مێژووی ڕزگاریی بوو لە پەیمانی کۆندا و کردنەوەی سەرەتایەك بوو بۆ ڕاستیەکانی پەیمانی نوێ . بۆ نمونە ، مردنی عیسای مەسیح تەواوکردنی قوربانی پەیمانی کۆن بوو وە گۆڕا بە (عیبرانیەکان ١٠: ٨- ١٠) . هەروەك نان لەتکردن و خوانی خوداوەند بوە جێگرەوەی جەژنی پەسخەی جولەکە کە تیایدا باوەڕداران یادی تێپەڕبوونی خودا دەکەن بەسەر گوناهەکانیاندا ئەوەی مەسیح کەفارەتی کردن ( ١ کۆرنسۆس ١١: ٢٣- ٢٦). وە لەئاوهەڵکێشان بە ئاو بوە جێگرەوەی خەتەنەکردن وەك نیشانەیەکی بەرچاو لەسەر باپتیزکردنێکی نەبینراو بە ڕۆحی پیرۆز و چوونە ناو پەیمانی نیعمەتەوە (کۆلۆسی ٢: ١١- ١٢ ؛ گەلاتیە ٣: ٢٦- ٢٩ ؛ بەراوردی بکە بە پەیدابوون ١٧: ٧، ١٠- ١١). وە کاهینیەتی مەسیح لە پلەی مەلکیسادق بوە جێگرەوەی کاهینیەتی زەوی لە پلەی هارون ( عیبرانیەکان ٧: ١١- ٢٨). وە بەهۆی کاری ڕزگاریی تەواوەتی مەسیحەوە ، پەردەی پەرستگا شەق بوو (مەتا ٢٧: ٥١) ، وە پەرستگاو پەرستشەکانی پوچەڵ بوونەوە ( یۆحەنا ٢: ١٩- ٢٢ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٤ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١٤- ١٥) وە گۆڕا بە پەرستنی خودا لە کڵێسادا بە ڕۆح و بە ڕاستی ( یۆحەنا ٤: ٢٣- ٢٤). بەمەش ، گەلی خودا بەردەوام بوون لەسەر ئاستێکی گرنگتر ( چونکە شەریعەت یان تەورات و پێغەمبەران تەواو کرا)، وە پەلی کێشا بۆ هەموو باوەڕدارێك لە هەموو نەتەوەکانی جیهان (ڕۆما ١: ١٦ ؛ ١٠: ١٢- ١٣ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١١- ٢٢ ؛ ٣: ٢- ٦؛ ١ پەترۆس ٢: ٤- ١٠). وە بنەماکانی شانشینی خودا بوە جێگرەوەی شەریعەتی مەدەنی ئەوەی بەسەر گەلی

ئیسرائیلدا پەیڕەو دەکرا ( مەتا ٥- ٧ ؛ ٨: ١٠ -١٢ ؛ ١٣: ٤٠ -٤٣ ؛ ٢١: ٤٢- ٤٤).

بەهەمان شێوە ، ڕۆژی خوداوەند ( ڕۆژی یەکەمی هەفتە) بوە جێگرەوەی ڕۆژی شیبەت (ڕۆژی حەوتەمی هەفتە) وەك ڕۆژێکی پیرۆز ( جیاواز لە ڕۆژەکانی دیکە) ! لە پەیمانی کۆندا دوایین ڕۆژی هەفتە (شەبەت) پێگەیەکی گرنگی هەبوو لەلای گەلی ئیسرائیل چونکە لەو ڕۆژەدا یادی تەواوکردنی کاری بەدیهێنانیان دەکردەوە لەلایەن خوداوە ( پەیدابوون ٢: ٢- ٣). وە ئاهەنگیان دەگێڕا لەم ڕۆژەدا لە ڕێگەی کۆبونەوەی پیرۆز پێکەوەو لە ڕێگەی پشوودان لە کارە ئاساییەکانیان .

بەڵام لە پەیمانی نوێدا ، ڕۆژی یەکەمی هەفتە گرنگیەکی تایبەتی هەبوو چونکە باوەڕداران تیایدا یادی کارە ڕزگاریە تەواوەتیەکەی خوداوەندیان دەکردەوە ( بڕوانە یۆحەنا ١٩: ٣٠ ؛ ٢٠: ١)! وە باوەڕداران لەم ڕۆژەدا ئاهەنگ دەگێڕن لە ڕێگەی پێکەوە کۆبوونەوە بۆ پەرستنی خودا ، وە ئاهەنگ دەگێڕن بۆ خوانی (لەتکردنی نان ) ی خوداوەند ، وە بانگەوازی ئینجیل لە نێو کڵێساداو دەرەوەی کڵێسا ، وە هەستان بە کاری چاکە ئەوەی خودا بانگی کردوون کە پێی هەستن .

لە هەستانەوەی مەسیح لە نێو مردواندا دەرکەوت کە خودا ڕەزامەندە بە کارە ڕزگاریە تەواوەتیەکەی . وە هەستانەوەی عیسای مەسیح وای کرد ڕۆژی یەکەمی هەفتە ( ڕۆژی یەك شەممە) ئەوەندە ڕۆژێکی گرنگ بێت.

وە ڕاسپاردەی چوارەمی تایبەت بە پاراستنی شەبەت وەك ڕۆژێکی پیرۆز ڕاسپاردەیەکی پەرستش و جەستەیی بوو تا ڕادەیەك . لەبەرئەوە دەبوو گۆڕانکاریەك ڕوو بدات لەئەم هێمایەدا . ڕۆژی شەممە یاخود شەبەت لە پەیمانی کۆندا هێما بوو بۆ دوایین ڕۆژی هەفتە. وە هێمای یەکەم ڕۆژی هەفتە لە پەیمانی نوێدا بوە جێگرەوەی ئەم هێمایە، چونکە لە پەیمانی کۆندا باوەڕداران ئاهەنگیان دەگێڕا لە ڕۆژی شەبەت لە کۆتایی هەفتەدا بۆ یادکردنەوەی کۆتایی بەدیهێنان . بەڵام لە پەیمانی نوێدا باوەڕداران ئاهەنگ دەگێڕن لە ڕۆژی خوداوەندا لە یەکەم ڕۆژی هەفتە بۆ یاد کردنەوەی سەرەتای ڕزگاریی . بەمەش ڕۆژی یەکەمی هەفتە (ڕۆژی یەك شەممە) گرنگیەکی تایبەتی هەیە نەك دوایین ڕۆژی هەفتە (شەبەت). بوە ڕۆژێك تیایدا باوەڕداران هەموو هەفتەیەك ئاهەنگ دەگێڕن بۆ

سەرکەوتنی عیسای مەسیح لە ڕێگەی هەستانەوەی لە نێو مردوان ! عیسا بە مردنی و هەستانەوەی هەموو ئەوەی هاتبوو لەبارەیەوە لە پەیمانی کۆندا وەك سێبەرو هێماو پێشبینیەکان تەواوی کرد . بەمەش هەموو ئەوانەی هاتبوون لە پەیمانی کۆندا وەك شەریعەت و پێغەمبەران و لایەنەکانی پەرستشی تایبەت بە ڕۆژی شەبەت تەواوی کرد .

**<u>٢- عیسای مەسیحی هەستاوە لە نێو مردوان لە ڕۆژی یەکەمی هەفتەدا دەرکەوت بۆ خەڵکی .</u>**

مەرقۆس ١٦: ٩- ١٤ ؛ یۆحەنا ٢٠: ٢٦ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەکان** : چەندین ڕاستی دیکە هەیە ئەوەمان پیشان دەدات کە ڕۆژی یەکەمی هەفتە(یەك شەممە) زۆر گرنگە لە پەیمانی نوێدا . چونکە عیسا دوای هەستانەوەی لە نێو مردوان ، زیاتر لە جارێك دەرکەوت لە ڕۆژی یەکەمی هەفتەدا(یەك شەممە) . وە ڕۆژی یەکەمی هەفتە ( یەك شەممەیە کە تیایدا عیسای مەسیح لە نێو مردوان هەستایەوە) ، دەرکەوت بۆ مەریەمی مەجدەلی و ژنەکانی دیکە لە بەرەبەیاندا ، وە لەماوەی دوا نیوەڕۆدا دەرکەوت بۆ پەترۆس و دوو قوتابیەکەی گوندی ئەمواس . لە ئێوارەدا دەرکەوت بۆ دە لە قوتابیەکانی و هاوڕێکانیان. ئەوەش یەکەم دەرکەوتن بوو بۆ کۆمەڵێك لە باوەڕداران . وە دوای هەفتەیەك ، عیسا لە ڕۆژی یەکەمی هەفتەدا (یەك شەممە) هەروەها دەرکەوت بۆ یازدە لە قوتابیەکانی ( بە تۆماس) یشەوە .

**<u>٣- ڕۆحی پیرۆز ڕژا بەسەردا لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا .</u>**

کردار ٢: ١ ؛ لێڤیەکان ٢٣: ١٥- ١٦ **بخوێنەوە** .

پاشان هەروەها لە ڕۆژی یەکەمی هەفتە (یەك شەممە) لە ڕۆژی پەنجاهەمیندا ڕۆحی پیرۆز ڕژا بەسەردا .

**<u>٤- کڵێسای یەکەمین لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا دامەزرا .</u>**

کردار ٢: ٤٢ **بخوێنەوە** .

لە هەمان ئەو ڕۆژەی کە ڕۆحی پیرۆز ڕژا بە سەردا ، کڵێسای یەکەمین لە ئۆرشالیم دامەزرا ، خودا خواستی وا بوو کە ڕۆژی یەکەمی هەفتە ( یەك شەممە) بکات بە ڕۆژێکی تایبەت چونکە تیایدا عیسای لە نێو مردوان هەستاندەوە ، وە تیایدا یەکەمین کڵێسای لە ئۆرشالیم دامەزراند.

٥- باوەڕداران لە کۆبوونەوەکانیان بەردەوام بوون لە ڕۆژی یەکەمی هەفتەدا .

(أ) باوەڕدارانی بەڕەگەز جولەکە پێکەوە کۆدەبوونەوە لە ڕۆژی یەکەمی هەفتە(یەك شەممە).

کردار ٢: ٤٢ ؛ ٢١: ٢٠- ٢١ ؛ ١کۆرنسۆس ٩: ١٩- ٢٣ بخوێنەوە .

پێش ڕۆژی پەنجاهەمین ، باوەڕدارانی بەڕەگەز جولەکە لە ڕۆژی شەبەت لەگەڵ جولەکەکانی دیکەدا ئاهەنگیان دەگێڕا چونکە خۆیان بە جولەکە دەزانی . پێکەوە کۆدەبوونەوە و پەیمانی کۆنیان دەخوێندەوە و گوێبیستی وتار دەبوون و نوێژیان دەکرد . وە هیچ شایەتیەك نیە لە پەیمانی نوێدا بڵێ باوەڕدارانی بە ڕەگەز جولەکە پێکەوە کۆدەبوونەوە بۆ نان لەتکردنی خوداوەند لە ڕۆژی حەوتەمی هەفتە .

بەڵام دوای ڕۆژی پەنجاهەمین ، باوەڕدارانی بە ڕەگەز جولەکە بە تەنها ئاهەنگیان گێڕا لە ڕۆژی خوداوەندا (یەك شەممە) . ئیدی پێکەوە کۆدەبوونەوە بۆ خوێندنەوەی سیپارەکانی کتێبی پیرۆز و لێکۆڵینەوەی (پەیمانی کۆن و چوار ئینجیلەکەو نامەی نێردراوان) ( ٢پەترۆس ٣: ١- ٢ ، ١٥ – ١٦)، وە بۆ ژیانی هاوبەش و نان لەتکردن و نوێژ( کردار ٢: ٤٢).

**(ب) باوەڕدارانی بە ڕەگەز ناجولەکە (لەنەتەوەکانی دیکە) پێکەوە کۆدەبونەوە لە ڕۆژی یەکەمی هەفتە (یەك شەممە) هەروەها.**

کردار ٢٠: ٥- ١٢ ؛ ١ کۆرنسۆس ١٦: ٢ **بخوێنەوە** .

پێکەوە کۆدەبونەوە بۆ پەرستن و بەشداری کردن لە نانلەتکردنی خوداوەند و گوێبیستی وتارو ئامۆژگاری و وتوێژکردن لەبارەی ئەو شتانەی تایبەت بوون بە خوداوە ، وە بۆ پێشکەشکردنی کۆمەك و بەخشین بۆ خوداوەند !

(ج) لەو کاتە بەدواوە باوەڕداران بەردەوام بوون لە کۆبونەوەکانیان پێکەوە لە ڕۆژی یەکەمی هەفتە (یەك شەممە).

بینین ١: ١٠ بخوێنەوە .

دەستەواژەی " ڕۆژی خوداوەند " لە بینین ١: ١٠ ئاماژەیە بۆ ڕۆژی یەکەمی هەفتە لە کتێبی پیرانی کڵێسای یەکەمین وە بەهەمان شێوە تەنانەت

لە کتێبە یۆنانیەکانی سەردەمیشدا. ئیدی بەم شێوەیە باوەڕداران بەردەوام بوون لە کۆبونەوەکانیان پێکەوە لە ڕۆژی یەکەمی هەفتە هەموو هەفتەیەك لە ڕۆژانی (یەك شەممەدا) و ئەو ڕۆژەیان بە " ڕۆژی خوادوەند " ناو دەبرد .

پوختە : باوەڕداران ئەوکات و بە ئێسستاشەوە هەموو ڕۆژانی یەکەمی هەفتە (یەك شەممە) کۆدەبنەوە بۆ پەرستن و ئاهەنگ گێران بۆ خوانی خوداوەند (نان لەتکردن) و گوێبیستیی وتارو ئامۆژگاری و وتوێژ لە بارەی ئەو شتانەی تایبەتن بە خوداوە .

وە دوای سەدان ساڵ ، کۆنستەنتینی پاشای ئیمپراتۆریی ڕۆم بە فەرمانێکی شاهانە ڕۆژی یەك شەممەی بە فەرمی کرد بە ڕۆژی پشووی هەفتە لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی . بەڵام ئەم فەرمانە هیچ دەسەڵاتێکی کتێبی نیە چونکە عیسای مەسیح تەوراتی تەواو کرد (مەتا ٥: ١٧). ئەمەش واتە باوەڕداران لە هەموو وڵاتێك و کلتورە جیاوازەکانی دیکە دەتوانن ئاهەنگ بگێڕن لە ڕۆژی خوداوەندا و لە ڕۆژی پشووی هەفتانەی فەرمی خۆیاندا ( بۆ نمونە لە ڕۆژی هەینی) . ئەوەی بە لامانەوە گرنگە بە ڕاستی ڕۆژی خوداوەندە !

## (د) مەبەست و ئامانج لە ڕۆژی خوداوەند

**پێشەکی** : لە کتێبی پیرۆزدا ، ڕۆژی حەوتەمی هەفتە بە " شەبەت " ناودەبرێت ؛ هاوکات یەکەم ڕۆژی هەفتە بە " ڕۆژی خوداوەند " ناودەبرێت.

وە هیچ فەرمانێکی ڕاشکاو لە کتێبی پیرۆزدا نیە ڕامان بسپێرێ کە پارێزگاری لە ڕۆژی یەکەمی هەفتە بکەین (ڕۆژی خوداوەند) وەك ئەوەی لە پەیمانی کۆندا هەیە بۆ ڕۆژی شەبەت . بەهەمان شێوە هیچ فەرمانێکی ڕاشکاویش نیە ڕامان بسپێرێ بە قەدەغە کردنی . باوەڕداران بە درێژایی مێژوو گرنگیان داوە بە ڕۆحی ڕاسپاردەی پەیوەست بە ڕۆژی شەبەت ( دەرچوون ٢٠: ٨- ١١) وە پێکەوە کۆدەبوونەوە لە ڕۆژی یەکەمی هەفتە (یەك شەممە). بەمەش باوەڕداران لایەنی پەرستشی ڕاسپاردەی چوارەمیان پوچەڵ کردەوە، بەڵام پارێزگاریان لە بنەما دانایيەکانی نێو ڕاسپاردەی چوارەم کرد لە ڕێگەی ئاهەنگێڕانیان لە ڕۆژی یەکەمی هەفتە !

**١ـ مەبەست و ئامانج لە ڕۆژی خوداوەند ئەوەیە کە خودا بپەرستین ، لە ڕۆحدا گەشە بکەین ، ژیانی هاوبەشمان لەگەڵ باوەڕداران هەبێت ، خزمەت بکەین ، پشوو بدەین .**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چۆن پێویستە لەسەر باوەڕداران ڕۆژی خوداوەند پیرۆز بکەن ؟

هەرچەندە هیچ ڕاسپاردەیەکی ڕاشکاو نیە بۆ پارێزگاری کردن لە ڕۆژی یەکەمی هەفتە ( ڕۆژی خوداوەند) وەك چۆن هەیە بۆ ڕۆژی حەوتەمی هەفتە (ڕۆژی شەبەت) لە پەیمانی کۆندا ، بەڵام دەتوانین لەم چوار خاڵەی خوارەوە سودمەند بین و ڕینماییمان بکات ، لەسەروو هەموو شتێکەوە نابێت ئێمەی باوەڕدار ئەم چالاکیە بکەین بە شەریعەتێکی نوێ یان بارگرانی بەسەر ژیانمانەوە :

(أ) لە ڕۆژی خوداوەندا باوەڕدار بەتەنها دەتوانێ خوداوەند بپەرستێ و ئەم ڕۆژە پیرۆز بکات .

ئیشایا ٥٦: ٦ـ ٧ ؛ ٥٨: ١٣ـ ١٤ **بخوێنەوە** .

چونکە مەبەست و ئامانج لە ڕۆژی خوداوەند ئەوەیە کە باوەڕدار هەرچیەکی پێ خۆش بێت ئەوە نەکات یان هەر ڕێگەیەکی بوێت نەیگرێتەبەر ، بەڵکو ئەو شتانە بکات کە ڕەزامەندی خودای لەسەرە و بە ڕیگەی خودای مەزندا بڕوات . وە باوەڕدار بێگومان بێت لەوەی دڵخۆشیەکەی بۆ خودی خۆی نیە بەڵکو لە خوداوەندەوەیەو بۆ ئەوە . چونکە ئامانج ومەبەست لە ڕۆژی خوداوەند ئەوەیە خودا بپەرستین و خۆشمان بوێ و خزمەتی بکەین !

**(ب) لە ڕۆژی خوداوەندا باوەڕداران دەتوانن پێکەوە خوداپەرستی بکەن.**

لێڤیەکان ٢٣: ٣؛ کردار ٢: ٤٢ ؛ ٢٠: ٥ـ ١٢ ؛ عیبرانیەکان ١٠: ٢٤ـ ٢٥ **بخوێنەوە .**

ئامانج و مەبەست لە ڕۆژی خوداوەند ئەوەیە کە باوەڕداران لە کۆبونەوەیەکی پیرۆزدا کۆببنەوە . دەبێت باوەڕداران پێکەوە کۆببنەوە تاکو خودا بپەرستن و یادی نان لەتکردنی خوداوەند بکەنەوە و گوێبیستی وشەکانی خودا بن و لەگەڵ یەکتر ووتوێژ بکەن لەبارەی ئەو شتانەی

تایبەتن بە وشەکانی خوداوەندەوە ، وە پێکەوە نوێژ بکەن و ژیانی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتر هەبێت .

**(ج) لە ڕۆژی خوداوەندا باوەڕداران دەتوانن خزمەتی خەڵکانی دیکە بکەن .**

مەرقۆس ٣: ٤ ؛ ئیشایا ٥٨: ٦- ١٢ ؛ لۆقا ٤: ١٦- ٢١ **بخوێنەوە** .

ئامانج و مەبەست لەڕۆژی خوداوەند ئەوەیە کە تەمبەڵ نەبین ، بەڵکو کاری چاکە بکەین و خەڵکانی دیکە بهێنین بۆ مەسیح . وە ئەو کارە چاکانە کە دەیکەین و خودا پەرستیمان و خزمەتمان لە پێناوی خوداو لە خۆشەویستیمان بۆ خودا بێت ، هەروەها کاری چاکە بکەین لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە ڕێگەی ڕزگارکردنیان لە هەموو جۆرەکانی کۆیلایەتی و تێرکردنیان و پۆشتەکردنیان و گەیاندنی هەواڵی خۆش پێیان .

**(د) لە ڕۆژی خوداوەندا باوەڕداران دەتوانن وەچان و پشوویەك وەربگرن بۆ حەسانەوەیان .**

دەرچوون ٢٣: ١٢ ؛ مەرقۆس ٢: ١٨- ٢٧ **بخوێنەوە** .

ئامانج و مەبەست لە ڕۆژی خوداوەند ئەوەیە باوەڕداران پشوو بدەن و بحەسێنەوە لە ماندووبونی کارەکانیان دوای هەفتەیەك لە کارو تێکۆشان و بۆ سەرلەنوێ بونەوەی وزەیان . شتێکی باشە هەروەها باوەڕداران بیر لە ژیانیان بکەنەوەو ، ئارام ببنەوەو چاویان بە ئەندامانی خێزانەکانیان و هاوڕێکانیان بکەوێ . ئیدی بەم شێوەیە ، ئامانج ومەبەست لە ڕۆژی خوداوەند ئەوەیە کە ببێتە ڕۆژێك بۆ یارمەتیدانی مرۆڤەکان نەك بۆ زیاتر بارگرانی لەسەر شانیان .

**<u>٢- ئامانج و مەبەست لە هەموو ڕۆژەکانی هەفتە ئەوەیە لە ژێر ڕۆشنایی هەتاهەتاییدا بژین .</u>**

عیبرانیەکان ٤: ٩- ١١ ؛ بینین ١٤: ١٣ **بخوێنەوە** .

لێرەدا دەبینین کە ڕۆژی خوداوەند " ڕۆژی پشوە" نەك " ڕۆژی شەبەت". ئیدی بەم شێوەیە ، چونکە ئەم ئایەتانە فێرمان ناکات کە ڕۆژی حەوتەمی هەفتە (شەبەت) بپارێزین وەك ڕۆژی پشوو ، بەڵکو ئەوحەسانەوەو پشووە ڕاستەقینەو هەتاهەتاییەمان فێر دەکات کە هەموو باوەڕداران ی سەرزەوی چاوەڕوانی دەکەن . وشەی "حەسانەوە"

دەستەواژەیەکە ئاماژە بە ئاسمانی نوێ وزەوی نوێ دەکات . چونکە کاتێ باوەڕداران ژیان و کارەکانیان لەسەر زەوی کۆتایی پێدێت ، دەچنە نێو حەسانەوەی خوداییەوە لە ئاسمان ، وە لەکارەکانی سەرزەویان دەحەسێنەوە ( بینین ١٤: ١٣) ، ڕێك وەك ئەوەی کە خودا حەسایەوە لە کاری بەدیهێنان . وە چونکە باوەڕداران دەزانن کە ئەم حەسانەوە هەتاهەتاییە بونی هەیە لە پێناوی ئاییندەیاندا ، هەموو هەوڵ و کۆششێکی بۆ دەدەن بە پشت بەستن بە خوداو گوێڕایەڵ بونیان بۆی لێرە لەسەر زەوی ! لەبەرئەوە ، نابێت شکست بهێنن لە چوونە ناو حەسانەوەی خودا (ئاسمان) بەهۆی بێ باوەڕی و یاخی بوون وەك چۆن گەلی ئیسرائیل ئەنجامیان دا . وە لە ڕاستیدا باوەڕداران بە خۆشی و هیواوە دەڕواننە حەسانەوەی تاهەتایی نەك تەنها لە ڕۆژی خوداوەندا ، بەڵکو لە هەموو ڕۆژەکانی ژیانیاندا . ئەمەش ئەو هۆکارەیە کە باسکراوە لەسەرەوە دەربارەی پارێزگاری کردن لە ڕۆژی خوداوەند ئەویش تەنها کورت ناکرێتەوە لە یەك ڕۆژی هەفتەدا . چونکە ئەم ئامانجە چالاکیەکە دەبێت باوەڕداران بە درێژایی هەفتەکە ئەنجامی بدەن ، کە : خودایان خۆش بوێ و بیپەرستن و خزمەتی بکەن و پێکەوە کۆببنەوە ( عیبرانیەکان ١٠: ٢٤- ٢٥) وە بۆ لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆزو نوێژ و ژیانی هاوبەش و کاری چاکە لە پێناوی خەڵکیدا ( گەلاتیە ٦: ٩- ١٠)، وە خەڵکی بهێنن بۆ مەسیحی ڕزگارکار ، وە خەڵکی دیکە بکەن بە قوتانی ( مەتا ٢٨: ١٩).

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت** |

**بە نۆرە نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) **بۆ وانەی داهاتوو** |
|---|---|

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە ڕۆژی خوداوەند : ڕۆژی حەسانەوە . ژیانی هاوبەش ، وە خزمەتکردن .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ٢کۆرنسۆس ٧-١٠ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون لە ئینجیلی یۆحەنا .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : یۆحەنا ٤. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە.